سەماحەتی حەکیم داوای بەشداریکردنێکی ژیرانە لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەکات

لەقەزای مەحموودیە لە میوانخانەی حاجی عاید ئەلکلابی، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە رۆژی چوارشەممە بەرواری 12-7-2023 چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی قەبیلەی ئەکلابین و شیخ و پیاوە دیارەکانی قەزای مەحموودیە و چەند بەرپرسێکی کەرتی پەروەردە کەوت کە ئەندامی ڕێکخراوی (نحو عراق تربوی) بوون،
سەرەتا سەماحەتی پیرۆزبایی جەژنی غەدیری لێکردن و ستایشی قەزای مەحموودیە و وەستای □□□□کانی کرد لەڕووبەڕوونەوەی تیرۆر و بنیاتنانی ئەزموونی عێراقیدا، داواشی کرد بەشێوەیەکی کاریگەر و ژیرانە بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن، ئاماژەشی بە زۆری ئەو قوربانی و خوێن ڕشتنەی شەهیدان دا کە بەهۆی خودای گەورە و ئەو هۆیەوە ئێستا بەدۆخێکی سەقامگیر تێپەڕ دەبین.

سەماحەتی داوای کرد بایەخی زیاتر بە قەزای مەحموودیە بدرێت و خەڵکی لەو زیانانەی بەریان کەوتوە لە ماوەی ڕابردوو قەرەبوو بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی قەزای مەحموودیە شوێنێکی کشتوکاڵی و پیشاسازییە، سەماحەتی دووپاتیشی کردەوە کە سەرپەرشتی دامودەزگای پەروەردەیی بنیاتنانی ئەو سیستەمە مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی پڕۆسەی گەشەپێدان بەردەوامی هەبێت، هەروەها جەختیشی کردەوە لەسەر پێشخستنی هەر چوار ب□ب□□ی و کۆڵەکەی پرۆسەی پەروەردەیی کە بریتین لە قوتابی و مامۆستا و پڕۆگرام و قوتابخانە، داواشی کرد یاسایەك بۆ خزمەتکردنی پەروەردەیی بەرقەرار بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە ڕووبەڕووی سیستەمی پەروەردە دەبێتەوە و مافەکانیش لەچوارچێوەیەکی یاسایی پارێزراو دەبێت، هەوەرها ئاما□ی بە بابەتی پاراستنی قوتابخانە و مامۆستا لە هەموو فشارە کۆمەڵایەتیەکان کرد و لەگەڵ گرنگی بەرپاکردنی شۆڕشێکی لە ڕووی پەروەردەوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە سەقامگیری ئێستا زۆر گرنگە و پێویستە بە سەقامگیرییەکی بەردەوام هەمیشەیی بگۆڕدرێت، گوتیشی عێراق لە دۆخێکی سەقامگیری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەمنی دا تێپەڕ دەبێت و بە ئامادەبوونی هاوپەیمانەتی دەوڵەت لە ڕووی سیاسی و تێکشکاندنی تیرۆر و گەڕانەوەی تەبایی کۆمەڵگا و نەمانی هەستیاری مەزهەبی و نەتەوەیی و ناوچەگەری تێدا بەدی دەکرێت.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە ڕکابەری داهاتوو ئابووری دەبێت و خۆی لە زیادکردنی سەرچاوەکانی بەرجەستە دەکات، دووپاتیشی کردەوە کە کارەبا سەرەتایەکە بۆ پێشخستنی بەرهەم هێنان لە کەرتەکیدا و ئاماژەی کرد کە کەرتی کارەبا هەنگاوێکی باشی بڕیوە لەبواری بەرهەمهێناندا و چەندین پرۆژەی گرنگ هەن بۆ دابین کردنی غاز و سووتەمەنی تایبەت کە گەشبینین بەوەی سوودی باشیان دەبێت، بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەو مەینەتییە دوور و درێژە.

سەماحەتی حەکیم هۆشداری دا لەمەر ئەو لادانە هزرییانەی بەسەر کۆمەڵگای ئێمە سەپێندراون و داوای کرد هەڵوێستەیەکی سەرتاپایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر بکرێت و ئەوەی خستە ئەستۆی دامودەزگاکانی پەروەردە بۆ ئەوەی خەڵك لەم بوارە هۆشیار بکەنەوە، لەکۆتاییدا سەماحەتی داوای کرد بەشێوەیەکی کاریگەر و ژیرانە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەشداری بکەن و ڕوونیشی کردەوە کە هەڵبژارددنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان گرنگە لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای بەهێز واتای دروستکردنی پارێزگایەکی بەهێزی هەیە، کە بتوانێت هەموو تواناکان و بودجە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی پارێزگاکە بقۆزێتەوە، هەروەها هەمووانی ئامۆژگاری کرد کە بلیتی بایۆمەتری وەرگرنەوە و نوێی بکەنەوە لەبەر ئەوەی ئەوە مەرجی سەرەکییە بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا.